The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
chak.org@gmail.com

## بانگەوازێک بۆ کوردستانیانی وڵاتی سویسرا

## خۆپیشاندانێکی جەماوەری لەبەردەم باڵوێزخانەی تورکیا لە ڕۆژی دووشەممە ٢٠٠٧/١٠/٢٩

وەک هەمووولایەک ئاگادارن دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی تورکیا بە گەرمی لە هەوڵی ئەوەدایە هێرش و پەلاماری سەربازی بۆسەر باشووری کوردستان ئەنجامبدات. بیانوی ئەم لەشکرکێشییەی ئەم جارەی تورکیا هەرچییەک بێت، ئاشکرایە مەبەستی لێدانە لە هەموو ئەو ماف و دەستکەوتانەی کەوا میللەتەکەمان لە باشووری کوردستان بە خەباتی خوێناوی دەیان ساڵە و بە نرخی کارەسات و قوربانیەکانی ئەنفال و کیمیاباران بە دەستی هێناوە، لێدانە لە هەموو گەلی کورد و بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ناوچەکەدا، لێدانە لە هەموو ئەو فرسەت و هەلانەی کە ئەم سەردەمە بۆ کورد ڕەخساون هەتاکو بە ئازادی و سەربەخۆیی بگات.

بێگومان ئەم دەستدرێژییە یاخود هەر سازشێکی تری دەوڵەتان لە گەڵ ئەم داگیرکەرە، کە لەسەر بەرژەوەندو مافە ڕەواکانی کورد بێت، جێگای قەبووڵکردن نییە و لەلایەن جەماوەری خۆڕاگری کوردستانەوە بە هەموو جۆر و شێوازێک ڕووبەڕوو دەبێتەوە.
لەم ڕێبازەدا و بۆ ریسواکردنی پیلان و پەلاماردانی سەر هەرێمی کوردستان لە لایەن تورکیاوە، ئێمە وەک ناوەندی چاک هەڵدەستین بە سازدانی خۆپیشاندانێک لەبەردەم باڵوێزخانەی تورکیا لە شاری (بێرن)ی پایتەختی سویسرا. بۆ هەستان بەم چالاکیە بانگەوازی هێزە کوردستانیەکان و هەموو تاکێکی کورد لە وڵاتی سویسرا دەکەین بەشداری گەرموگوڕ لەم خۆپیشاندانە بکەن.
گەلی کورد لە ناوەوە چاوەڕوانی ئەم هەڵوێستەمان لێدەکەن و ئێمەش دەبێت بە هەموو توانامانەوە ئەم مەیدانەی خەباتی نەتەوەکەمان جۆش بدەین و لە ئاستی ئەمەکداری و خۆشەویستی گەل و خاک و نیشتیمانی خۆماندا بین!
یەکیتی و یەکڕیزی کورد لە ناوەوە و لە دەرەوە زامنی تێکشکانی داگیرکەران و سەرکەوتنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمانە!

کۆمیتەی سویسرا ، ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد (چاک)

کاتو ناونیشان :
شاری بێرن ، بەردەم باڵوێزخانەی تورکیا
ڕۆژی دووشەممە ٢٠٠٧/١٠/٢٩
کاتژمێر ٢،٠٠ پاش نیوەڕۆ

پەیوەندی
٠٧٦٥٨٦٤٨٨٨
٠٧٨٧٨٩٣٠٥٢
٠٧٨٧٦١٢١٥٧